# عێراق بەرەو داڕووخانی ئابووری و شەڕێکی ناوخۆیی دیکە دەچێت

16-12-2020

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** گۆڤاری (فۆڕین پۆلیسی) لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە دۆخی ئابووری ـ سیاسی عێراق بڵاوکردووەتەوە، کە هەردوو لێکۆڵینڤان کینیس بۆلۆك شرۆڤەکاری پێشووی لە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا CIA و فەرهاد عەلائەدین بەهاوبەشی نووسیویانە. ئەو دوو لێکۆڵینڤانە پێشبینی هەرەسهێنانی ئابووری عێراق و دروستبوونەوەی شەڕی ناوخۆیی دەکەن لە عێراق ئەگەر دۆخەکە بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت لە عێراق.

**گۆڤاری (**فۆرین پۆلیسی) لێکۆلینەوەیەکی سەبارەت بە دۆخی ئابووری ـ سیاسی عێراق بڵاوکردووەتەوە، کە هەردوو لێکۆلینڤان کینیس بۆلۆك شرۆڤەکاری پێشووی لە دەزگای هەواڵگریی ئەمریکا CIA و فەرهاد عەلائەدین بەهاوبەشی نووسیویانە. ئەو دوو لێکۆلینڤانە پێشبینی هەرەسهێنانی ئابووری عێراق و دروستبوونەوەی شەڕی ناوخۆیی دەکەن لە عێراق ئەگەر دۆخەکە بەوشێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت لە عێراق.

هەروەها پێشبینیدەکەن خۆپیشاندانەکان لە عێراق دەستپێبکەنەوەو، چارەسەریش بۆ هەرێمی کوردستان لەوەدا دەبیننەوە کە سەرچاوەکانی داهاتی هەمەجۆر بکەن و دەست بەسەر کەرکووك دا بگرێتەوە، کە ئەوەش رووبەڕووی تورکیای دەکاتەوە.

وەرگێڕانی: ئەحمەد تەڵعەت

ئەگەر حکومەتی عێراق نەتوانێ بۆ مانگی کانوونی دووەمی ساڵی داهاتوو مووچەی فەرمانبەرانی بدات، رەنگە ببێتە هۆی ناسەقامگیری و ناڕەزایی و توندوتیژی زۆر، ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستە خەمێکی دۆخی دارایی عێراق بخۆن، پێش ئەوەی درەنگ بکەوێت .

نوێترین قەیرانی عێراق دەبێتە دوایین شت کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا پێویستی بێت،رەنگە یەکەم کێشەی سیاسەتی دەرەوەش بێت تووشی ئیدارەی نوێی ئەمریکا دەبێت .

عێراق بەرەو داڕووخانی ئابووری دەڕوات، لەو دۆخە شلۆقەی ئێستاشدا رەنگە رووخانی ئابوورییەکەی ببێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سیاسی و رووخانی سیاسیش،ئەوەش دەرگە لەبەردەم گەڕێکی دیکەی شەڕی ناوخۆ دەکاتەوە .

لە دوو دەیەی رابردوودا گەندەڵی کێشەیەکی دووسەرەی بۆ عێراق دروستکردووە،لاوازی عێراق و بوونی حکومەتە لاوازە هاوتەریبە تاکڕەوخوازەکان مانای دابەشکاری دەسەڵات و هەر لایەنە و وەزارەتێکیان بە بەرداکراوە، ئەوان ئەو بیرۆکراسیەتە بەجۆرێک بەڕێوەدەبەن لە بەرژەوەندی وڵاتەکە نییە،بەڵکو سوود و خێرەکەی بۆ تۆڕێکی بەرژەوەندیخوازە، کە بوونەتە مەکینەی گەندەڵی بۆ مژینی داهاتی نەوت و بردنی گەنجینەی وڵاتەکە و خەرجکردنیان لە دامەزراوەکانیان لەشێوەی جیاوازی کارکردن و گرێبەست و ئیمتیازاتی دیکە .

دەستکەوتی ناڕەوای ئەو تۆڕانە بووەتە هۆی خنکاندنی ئەو هیوایەش کە کەرتی تایبەت هەیبوو، بەو مانایەی جێگرەوەی زۆر بۆ کەرتی گشتی نییە، ئەنجام حکومەتی ئێستا زۆرترین مووچەخۆری هەن و بەشی زۆری دانیشتووانی عێراق راستەوخۆ بۆ ژیان پشت بە مووچە دەبەستن، واتە یان فەرمانبەرن یان خانەنشین، یانیش بە ناڕاستەوخۆ لە رێگەی کارکردن بۆ ئەوانەی مووچەیان هەیە لە حکومەت، تەنانەت بازرگانی بچووکیش لە عێراق پشت بە حکومەت دەبەستێت چونکە زۆربەی کڕیارانی بەتایبەت لە شارە گەورەکان مووچەخۆری حکومەتن،جگە لەوەش هێشتا حکومەتی عێراق مانگانە خۆراک لە رێگەی سیستەمێکی دابەشکردنەوە دەبەخشێتە خەڵک،ئەو خۆراکە بەشێکی گرنگی خواردنی رۆژانەی چینی کرێکاران و هەژار لە عێراق پێکدێنێت .

جێگەی سەرسوڕمان نییە لەوەتەی ساڵی 2004ەوە "زیادبوونێکی نائاسایی" لە ژمارەی فەرمانبەرانی حکومەت هەیە،حکومەت بەراورد بە 15 ساڵ لەمەوبەر 400% زیاتر مووچە دەداتە فەرمانبەران، بۆیە حکومەت و نەوتەکەی بوونەتە بزوێنەری سەرەکی ئابووری عێراق و دابینکردنی مووچە بۆ خەڵکی عێراق. زیادبوونی ژمارەی مووچەخۆران بە جۆرێکە ئێستا تەنیا بەغدا مانگانە 5 ملیار دۆلاری پێویستە بۆ مووچەی خانەنشینان و فەرمانبەران، لەگەڵ دوو ملیار دینار بۆ خزمەتگوزارییە پێویستەکان و خەرجی بەکاربردن،کاریگەری زۆربەی ئەو دامەزراوانەش بۆ پاڵپشتی خەڵک ناڕاستەوخۆیە ، هەرچەندە لە دوای سەرهەڵدانی پەتای کۆڤید-19 و دابەزینی نرخی نەوت( 90%ـی داهاتی حکومەت پێکدێنێت)،داهاتی عێراق بۆ 2.5 تاوەکو 3.5 ملیار دۆلار دابەزیوە ،واتە کورتهێنانی مانگانەی عێراق 3.5 بۆ 4.5 ملیار دۆلارە .

رووخانی دارایی عێراق دەبێتە یەکەم سەرئێشەی سیاسەتی دەرەوەی بایدن

ئێستا عێراق بێ پارەیە و ناتوانێ ئەو کورتهێنانە پڕ بکاتەوە، مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵ، عەلی عەلاوی وەزیری دارایی عێراق بە میدیای فەرمی وڵاتەکەی ڕاگەیاند:" یەدەگی بانکی ناوەندی لە 53 ملیار دۆلار وەستاوە"،دوای ئەوە پەرلەمان یاسای کورتهێنانی دارایی پەسندکرد و ڕێگەی دا حکومەت 10 ملیار دۆلار بۆ مووچەی مانگەکانی 10،11،12 قەرز بکات،ئەوەش قەرزەکانی عێراقی گەیاندە 80 ملیار دۆلار، بەگوێرەی زانیاری سەرچاوەکانی حکومەت و ئەو پێشنیازەی بۆ بودجە ئامادەکراوە، حکومەت ناچارە 12 ملیار دۆلار لە بودجەی ساڵانە کەمبکاتەوە، کەمکردنەوە بە ئامانجی دانەوەی سوودی قەرزەکانە، هەموو ئەوانەش دەبنە زیادبوونی کورتهێنان لە سەرمایەی حکومەت، لە هاوینی 2021 یەدەگی دراوی عێراق زۆر دادەبەزێت، لەراستیدا حکومەت پارەی نەختینەی نامێنێت بۆ جێبەجێکردنی پابەندییەکانی لەو دۆخەدا .

**"عێراق توانای هاوردەکردنی نامێنێت و دینار دادەبەزێت "**

بە گوتەی بەرپرسانی عێراق، گەنجینەی یەدەگی دراوی عێراق خەریکە بەتاڵ دەبێت، حکومەت ناچارە پارەیەکی زۆر چاپ بکات بۆ پێدانی قەرز بە حکومەت و دابەشکردنی مووچە و خەرجی بەکاربردن، ئەوەش مەترسی دروستبوونی هەڵئاوسانی نەخوازراو دروست دەکات، لەبەر مەترسی هەڵئاوسانی پێشبینی نەکراویش بەغدا ڕەنگە بەمزووانە بەهای دینار زیاتر دابەزێنێت، بەڵام ئەوەش دیسان مەترسی سیاسی و ئابووری بەدواوەیە. دابەزاندنی نرخی دینار بەبێ بوونی چاکسازی ئابووری کە ئێستا سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ڕەتیدەکەنەوە بێنە ژێرباری،داهات ناهێڵێت، بێ متمانەیی زیاد دەکات و دۆخەکەش سەختتر دەکات .

جگە لەوەش دابەزاندنی بەهای دینار ڕەنگە ببێتە هۆی هەڵئاوسانی زیاتریش، بەرزبوونەوەی بەهای دراوەکانی دیکەش بەو مانایە دێت عێراق بەمزووانە توانای کڕین و هاوردەکردنی کەلوپەل و خۆراکی نامێنێت، لەکاتێکدا عێراق خۆی تۆڕی هاوردەکردنە و هەموو شت هاوردە دەکات نەوت نەبێت، ئەگەر پارە نەمێنێت و بەهای دیناریش کەمبێتەوە، کەلوپەل دەستناکەوێت و نرخەکانیش بەرزدەبنەوە، دینار ڕەنگە لە شەش مانگی داهاتوو نرخی بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێت، پێویستە حکومەت بەردەوام بێت لە دەرهێنانی پارەی بانکی ناوەندیی عێراق لەوکاتەی بەهای دینار دادەبەزێت .

هەندێك بەرپرسی عێراق بە سادەیی هیوای ئەوە دەخوازن کە پێشبینییەکانی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بەهاردا رزگاریان بکات، بەڵام زۆربەی پێشبینییەکان دەڵێن تەنیا لەنێوان 10% بۆ 15% بچێتە سەر نرخەکەی، ئەوەش بەپێی پێشبینی کۆمەڵێک بازرگانی نەوت و شرۆڤەکارانی نەوت، بۆیە قەیرانەکانی عێراق زۆر دوورن لەوەی وڵاتەکە لێی دەربێت، تاوەکو ئەگەر نەوت نرخەکەشی بەرزبێتەوە، هەناردەی نەوتی لیبیا، ئێران وادەکات سعودیە و رووسیا پەناببەنە بەر هەمان هەنگاو و بەرهەم بەرزبکەنەوە بۆ ئەوەی پشکی خۆیان لە بازاڕ بپارێزن .

ئەگەر عێراق نەتوانێ مووچەی فەرمانبەران بدات و خەرجییەکانی بەکاربردن دابین بکات، ئەوە دەرەنجامی رووخێنەری دەبێت، مستەفا کازمی سەرۆکوەزیرانی عێراق رۆژی 17ـی 11 ئەو هۆشدارییەی دا و گوتی:"لە دابەشکردنی مووچەی مانگی کانوونی دووەم تووشی کێشە دەبین،لە ئێستاوە ئاگادارتان دەکەمەوە".

وەکو تەکنۆکراتێک کە دەسەڵاتی سیاسی نییە، کازمی توانای نییە لایەنە سیاسییەکان پاڵ بنێت بۆ ئەوەی ببنە بەشێکی چارەسەری کێشەکان، دەبێت خۆی تەنیا چارەسەری بکات، حکومەت رۆژی 13ی تشرینی یەکەم " پەڕەی چاکسازی" پێشکێشکرد،بەڵام هێشتا هیچی لێ جێبەجێنەکراوە، هیچ هەوڵێک نییە بۆ کەمکردنەوەی مووچە یان کەمکردنەوەی ژمارەی فەرمانبەران یان لانی کەم نەهێشتنی سەتان و هەزاران مووچەخۆری بندیوار لە بەغدا،ئەوەش لە ترسی تووڕەیی سەرکردە سیاسیەکانی عێراق .

کازمی کاتێك دەسەڵاتی گرتە دەست، پاڵپشتی زۆری لێکرا، عێراقییەکان بە تێکڕا و هەزارانی دیکەش کە لەسەر شەقام خۆپێشاندانیان دەکرد، لە سەرکردە ئایینیە شیعەکان تاوەکو سەرکردە میانڕەوەکان و زۆربەی سونەش، تەنانەت کوردیش ،وەکو سیاسییەکی زیرەک، کاریگەر و نزیکی ئەمریکییەکان سەیریان دەکرد، لەگەڵ ئەوەش ترسی خەڵک زیادبووە لە هەموو وڵات کازمی نەتوانێت سیستەمی شکاوی عێراق چاکبکاتەوە، ئەو قەیرانە ئابووریەش چارەسەر بکات کە وایکرد عێراق بێ پارە بێت کە ڕەنگە ببێتە دوا بزماری تابووتی عێراق، ڕەنگە کازمی متمانەی تەواوی شەقامی لەدەستدابێت ،زۆر لایەنی سیاسی گەندەڵ لە عێراق هەوڵدەدەن بیکەنە "بزنی قوربانی" بۆ ئەوەی ڕێگە لە کەمبوونەوە و کاردانەوەی ژمارەی لایەنگرانیان بگرن، لە هەمان کاتدا ئێرانییەکان کە دژایەتی کازمی دەکەن

هەوڵدەدەن پشێوی دروستبکەن بۆ ئەوەی دووبارە هەژموونی خۆیان بەسەر عێراقدا بسەپێننەوە .

قەیرانی دارایی دەبێتە هۆی نارەزایی فراوانی خەڵك

قەیرانی دارایی رەنگە ببێتە هۆی نارەزایی فراوانی خەڵک لە شەقام و خۆپێشاندان بکرێت، عێراقییەکان دیسان داوای گۆڕینی حکومەت بکەن، چونکە بۆ حکومەت ئاڵنگارییەکی گەورەیە بەبێ دابینکردنی مووچە بتوانێ فەرمان و بڕیار دەربکات، دەسەڵاتی سەرۆکوەزیرانیش سنووردار دەبێت، گرووپە چەکدارەکان و هۆزەکان، لە نێویاندا ئەو گرووپانەی ئێران پشتیوانیان دەکات، هەوڵدەدەن ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە و رۆڵ و جێگەی هێزە ئەمنییە فەرمییەکانی عێراق بگرنەوە، هەمان ئەو گرووپە چەکدارانە لەپێناو گرتنی خاک، شەڕ دەکەن. بەو مانایەی هەوڵدەدەن دەست بەسەر ناوچەکانی سەرچاوەی داهات دا بگرن، لەوانە کێڵگە نەوتییەکان، لەگەڵ بەندەر و دەروازە سنوورییەکان و بازرگانییە گەورەکان، خاکی کشتوکاڵ و موڵک و ماڵی تایبەت .

"هەرێمی کوردستانیش سەلامەت دەرناچێت بەبێ فراوانکردنی سەرچاوەکانی داهات "

لەو دۆخەدا شەڕی چەکداری، هەوڵی گرتنی ناوچەکان دەبێتە ئەگەرێکی نزیک، جگە لەو ناوچانەی ئاسایش و ئەمنیەتیان بەهێزە لەوانە هەرێمی کوردستان، هەرچەندە هەرێمی کوردستانیش سەلامەت دەرناچێت لە کێشە نێوخۆییە ئابوورییەکان، ئەگەر سەرچاوەی داهاتەکانی فراوان نەکات، چونکە ئەویش پشت بە دارایی بەغدا دەبەستێت، رەنگە بۆ کورد گەورەترین ئامانج کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکانی بێت، بەڵام ئەوەش دیسان شەڕ و ئاڵۆزی لەنێوان هەولێر و بەغدا دروست دەکات، بەبێ ئاماژەدان بە گرووپە چەکدارە شیعەکان کە بەهەموو شێوەیەک ئەو هەنگاوە رەتدەکەنەوە .

لەو دۆخەشدا هاوشێوەی ساڵانی 2005 بۆ 2007 و 2014 بۆ 2017 گەرێکی دیکەی ململانێی نێوخۆیی سەرهەڵدەدات ئەوەش دەبێتە هۆی قۆستنەوەی دۆخەکە لەلایەن دراوسێیەکانی عێراق. دەوڵەتی عێراق خۆی لە هەموو وڵاتانی دەوروبەری هاوردەی هەیە بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەوانیش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان دەستوەردان بکەن ،تورکیا دەستکەوتەکانی کورد لەو دۆخەدا بە هەرەشە دەزانێت، بەتایبەت ئەگەر هەرێمی کوردستان کەرکووک بگرێتەوە، ئەنقەرە هەست بەوە دەکات ناچارە بەرگری لە تورکمانەکانی ئەو شارە بکات و رێگریش لە کورد بکات بگەنە خەونی سەربەخۆیی، ئێرانیش ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی فراوانکردنی هەژموونەکەی لە عێراق، چونکە تاران بەرگەی لەدەستدانی داهاتی بازرگانی لەگەڵ عێراق ناگرێت کە ساڵانە دەگاتە 12 ملیار دۆلار، بۆ ئێران عێراق بووەتە سەرچاوەی قاچاخی و گەیشتن بە بازاڕە داراییەکانی جیهان .

سعودییەکانیش رەنگە وەڵامیان هەبێت بۆ هەرجۆرە سەپاندنەوەی هەژموونی ئێران بەسەر گرووپە سوننەکان و هۆزەکان لە عێراق، ئەویش لە رێگەی پارەدارکردن یان پێدانی چەک بە سوننەکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، بەتایبەت کە ریاز ناتوانێ پشت بە بوونی ژمارەیەکی زۆری سەربازانی ئەمریکا بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە ببەستێت، وەکو چۆن لە 2006 روویدا، بۆیە عێراق بە ئاسانی دەگەڕێتەوە نێو شەڕی نێوخۆیی،وڵاتانی ناوچەکەش دژی یەکدی و عێراقیش دەستوەردان دەکەن .

**گرنگی عێراق بۆ ناوچەکە و جیهان**

بەروانین لە مەترسیداری دۆخەکە و گرنگی عێراق لە ناوچەکەدا بۆ بازاڕی نەوتی جیهان، ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانن دەستەوەستاو بن، بێگومان لە شەش مانگی یەکەمی ئیدارەکەی و لەگەڵ بوونی پەتای کۆرۆنا و قەیرانێکی گەورەی ئابووری لە نێوخۆدایە کە پێویستە چارەسەریان بکات، بایدن ناتوانێ ئەو پرسە بکاتە پێشینەی کارەکانی، بەڵام تاوەکو زووتر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ئاسانتر دەبێت،بۆ رێگری لە بژاردەی خراپتر لە دواییدا کە رەنگە کەوتنی عێراق بێت .

ئەگەر ئەمریکا خواستی سەرکردایەتی هەیە بۆ ئەو دۆخەی عێراق، زۆر لایەنی دیکەش هەن دەیانەوێت هاوبەش بن تێیدا، دامەرزاوە

جیهانییەکانی وەکو بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نێودەوڵەتیی دراو، وڵاتانی کەنداو و تەنانەت هەندێک وڵاتی ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ئاسیاش ئامادەن هەندێک پارە بدەن .

قەیرانەکە قەیرانی نەختینەیە،عێراق بۆ رێگری لە رووخانی سیستەمی دارایی پێویستی بە پارەیە،رووخانی سیستەمی داراییش کەوتنی یەکەم پوولی دۆمینەیە،ئەگەر ئەمریکا خواستی بەخشینی هەبێت بە بڕێک رەنگە ملیارێک دۆلار بێت، بەڵام رەنگە ببێتە پاکێجێکی هاوکاری بە بڕی 5 بۆ 10 ملیار دۆلار بە بەشداری وڵاتانی دیکە .

بیرۆکەی بەخشینی ملیار دۆلار بۆ دۆخێکی نائاسایی بودجە و پشتیوانیکردنی عێراق رەنگە لەو دۆخەدا ئەستەم دەرکەوێت، بەڵام نابێت وابێت،ئەو پارەیە لە گیرفانی خەڵکی ئاسایی ئەمریکایە نایێتە دەرەوە لە شێوەی زیادکردنی باج، 12 ساڵی رابردووش دەبێت ئەمریکا فێری دوو وانە کردبێت لەو بەشەی جیهان .

یەکەم، ئەوەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست روودەدات، کاریگەرییەکەی هەر لەوێ نامێنێتەوە . دووەم: خۆپارێزی باشترە لە چارەسەر ،سیاسەتی تراژیدی ئەمریکا لە سووریا، لوبنان،عێراق ناڕەزایی تووندی بەدواداهاتووە .